## بەبەڵگە..ڕێوشوێنەکان توندتر دەکرێنەوە بەرامبەر بەو کەسانەی زیادەڕەویی دەکەنە سەر پڕۆژەکانی ئاودێری



سەرۆکی دادوەری ئەنجومەنی باڵای دادوەری، دادوەر فایق زیدان ئەمڕۆ سێشەممە ڕێنمایی دادگاکانی کرد کە ڕێوشوێنەکان توندتر بکەنەوە بەرامبەر بەو کەسانەی زیادەڕەویی دەکەنە سەر پڕۆژەکانی ئاودێری.

ئەنجوومەنی دادوەری لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە "بە لەبەرچاوگرتنی تەحەدای گەورەی کەمی ئاوی وڵات، لابردنی زیادەڕەویی بۆ سەر ڕووبارە سەرەکی و لاوەکییەکان، و ماسیگرتنی نایاسایی، بڕیار دراوە سەرجەم دادگا لێهاتووەکان ئاراستە بکرێت بۆ توندکردنەوەی سزا و ڕێوشوێنەکان، بە پشتبەستن بە بڕگەکانی یاسای ژینگەی ژمارە (83)ی ساڵی 2017، بەرامبەر ئەوانەی کە... زیادەڕەوینەوەی سەر پڕۆژەکانی ئاودێری و ڕێگریکردن لە دەستوەردان لە کارەکانی بەشی ئاودێری و کشتوکاڵ، کە دەبێتە ڕێگری لە کارەکانیان".